ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە " بەڕێوەبردنی دارایی" .
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە یاقوب ٤-٥ وە ١پەترۆس ١-٢ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : ڕامان بکە لە ئایەتی نوێی کتێبی پیرۆز و لەبەری بکە. "هەموو لایەنەکان گەشە پێبدە " پەندەکان ٢٢: ٦ . ڕۆژانە بەو پێنج ئایەتەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : یۆحەنا ١٧ . ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە.

ڕێبەری هەشتەم – وانەی ٣٨

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە بۆ بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) یاقوب + ١پەترۆس

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (یاقوب ٤- ٥ وە ١پەترۆس ١- ٢).
گوێ بگرن لەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات . تێبینەکانتان بنوسنەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) "هەموو لایەنەکان گەشە پێبدە " پەندەکان ٢٢: ٦

دوو بەدوو **پێداچوونەوە** بکەن بۆ "هەموو لایەنەکان گەشە پێبدە " پەندەکان ٢٢: ٦ .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك)	یۆحەنا ١٧

پێشەکی : یۆحەنا بەشەکانی ١٤- ١٧ پێناسەی وتەکانی عیسای مەسیح و نوێژکردنی لە شێوی کۆتایی دەکات . وە یۆحەنا ١٧عیسا بە نوێژکردن کۆتایی دەهێنێت بە فێرکردنەکانی . دەکرێ نوێژەکەی بکرێ بە سێ بەشەوە : لەسەرەتادا نوێژ دەکات لە پێناوی خۆیدا (١٧: ١- ٥) ، پاشان نوێژ دەکات لە پێناوی یازدە قوتابیەکانی (١٧: ٦- ١٩) ، وە دواتر نوێژ دەکات لە پێناوی کڵێساکەی لە جیهاندا (١٧: ٢٠- ٢٦) . وە نوێژەکانی ئاماژە دەکەن بەوەی ئامانج لێی شکۆدارکردنی خودایە .

عیسا لە مەتا ٦: ٩- ١٣ باوەڕداران فێر دەکات کە چۆن نوێژ بکەن . بەڵام نوێژەکەی لە یۆحەنا ١٧ بەو پێیەی کە سەرۆکی کاهینانە نوێژێکی بێ وێنەیەو بێ هاوتایە ، چونکە تێیدا لەگەڵ باوکی دەدوێ نەك باوکمان (یۆحەنا ١٧: ١) . چونکە تیایدا باس لە پەیوەندیە جەوهەریەکەی دەکات

لەگەڵ خودا (یۆحەنا ١٧: ٥) . عیسا لەم نوێژەدا دان نانێت بە هیچ گوناهەو کەموکوڕیەکدا ، بەڵام گوزارش دەکات لەوەی کە خواستی خودا بە تەواوەتی بەدی بێت (١٧: ٤) . وە ناپارێتەوە لە باوك بەو شێوەیەی کە کەمترە لە باوك (کرداری یۆنانی بۆ وشەی" ئیتیۆ " ( ) لە داواکاریەکەیدا ، داوا دەکات وەکو یەکسانێك لەگەڵ باوك هەروەها وشەی ئیرۆتاو ( ) شتەکان لە خوداوە . ئەو بە پێیەی کەسێکە نوێژەکانی وەڵامدراوەتەوە نوێژ دەکات(بڕوانە یۆحەنا ١١: ٢٢) . بابەتی ئەم نوێژە ئەرکە مەزنەکەیە کە عیسا دای بە قوتابیەکانی ، کە دەبێت تەواو بکرێت نەك وەکو گەلێك تاکەکانی پەرت وبڵاو بن بەڵکو وەك یەکەیەکی ڕۆحی . عیسا نوێژی کرد بە چاوی کراوەو ڕوو لە ئاسمان .

هەنگاوی ١: بخوێنەوە . وشەکەی خودا

پێکەوە یۆحەنا ١٧ **دەخوێنینەوە** .

بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە. تێبینیەکان

بیرکەوە . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟

بنوسە . یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .

بەشداری بکە. (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن).

هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .

(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵێیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

ئاشکراکردنی ١: ناوەڕۆکی نوێژەکەی عیسای مەسیح.

لە نوێژەکەی عیسای مەسیح دا ئەوەی تایبەتە بە خۆیەوە ، دەبینین عیسای مەسیح خودای باوك شکۆدار دەکات و داوا لە خودای باوك دەکات شکۆداری بکات . وە لە نوێژەکەیدا لە پێناوی یازدە قوتابیەکەی ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی ئەوان تایبەتن و سەر بە خودای باوکن و خودا بەخشیونی بە ئەو ، مەسیح خودای نەبیناوی ڕاگەیاند و وشەکانی ڕاگەیاند ، ئیدی ئەوانیش پێشوازیان لە وشەکەی کردو باوەڕیان پێهێناو گوێڕایەڵی بوون . ئەوەتا عیسای مەسیح ئێستا دەیانناێرێت بۆ جیهان و بەرپرسیارێتی خستوەتە ئەستۆیان " ئەرکە مەزنەکە " : کە ڕاستی ڕابگەیەنن . وە عیسا نوێژی کرد لە پێناوی یەکێتییان پێکەوەو لەپێناوی پڕ بوونیان لە خۆشی ، وە لەپێناوی پاراستنیان لە شەیتانی خراپەکار ، وە لە پێناوی پیرۆزکردنیان بە کاری مەسیح و کاری وشەکانی ، وە نوێژی عیسا لە پێناوی هەموو باوەڕدارانی جیهان ، کە کڵێسا پێکدەهێنن پێکەوە لە کڵێسای مەسیح دا ، بە تایبەتی نوێژ دەکات لە پێناوی یەکبوونیان تاکو جیهان باوەڕ بهێنن کە خودا عیسای مەسیح ی ناردوە . هەروەها نوێژ دەکات کە پێکەوە بن تاکو بتوانن شکۆی ئەو ببینن . وە نوێژ دەکات هەروەها کە خۆشەویستی خودایان تێدا بێت بە بەردەوامی . ئای چەند نوێژێکی جوانە !

ئاشکراکردنی ٢ : یەکێتی خۆشەویستی نێوان خودای باوك وعیسای مەسیح و باوەڕداران .

ئینجیلی یۆحەنا ١٧: ٤، ٦ دەخوێنینەوە لەبارەی خۆشەویستی عیسای مەسیح بۆ خودای باوك و باوەڕداران . عیسای مەسیح گوزراش دەکات لە خۆشەویستی خودای باوك لە ڕێگەی تەواوکردنی کارەکەیەوە کە پێی داوە لەسەر زەوی ئەنجامی بدات . ئەمەش شکۆدارکردنی خودایە لەسەر زەوی . وە عیسای مەسیح باوەڕدارانی خۆش دەوێ و گوزاشی لە خۆشەویستیەکەی باوك کرد بۆیان ، واتە عیسای مەسیح خەسڵەتەکانی خودای لە ژێرڕووناکی ڕزگاریدا ڕاگەیاند بۆیان .

یۆحەنا ١٧: ٢٦ دەخوێنینەوە لەبارەی خۆشەویستی خودای باوك بۆ عیسای مەسیح و باوەڕداران .

وە یۆحەنا ١٧: ٦ ، ٨ دەخوێنینەوە لەبارەی خۆشەویستی باوەڕداران بۆ عیسای مەسیح و خودای باوك .

خۆشەویستی باوەڕداران بۆ خودا تەنها خۆشەویستیەکی سۆزداری نیە بەڵکو لە سێ بەشی کتێبی پیرۆزدا پێناسەی کراوە (یەکەم) مەرقۆس ١٢: ٣٠- ٣١ . (دووەم) یۆحەنا ١٤: ٢١- ٢٣ . (سێ یەم) یۆحەنا ١٣: ٣٤- ٣٥ .

<u>هەنگاوی ٣: پرسیار</u> . **ڕونکردنەوە**

بیربکەوە : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە یۆحەنا ١٧: ١- ٢٦ تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

بنوسە: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

بەشداری بکە : (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو).

گفتوگۆ بکە : (دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە). (ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان).

یۆحەنا ١٧: 1

پرسیاری ١ : عیسا مەبەستی چی لەوەی فەرموی " کاتەکە هاتوە " ؟

تێبینیەکان .

عیسا لەم ئاماژەیدا دەردەکەوێ کە دەزانێ هەموو ڕوداوێك ڕوودەدات لە مێژووی ڕەگەزی مرۆڤایەتیدا لەوێدا ساتێکی دیاریکراو هەیە کە پلانی جاویدانی خودایە . ئەو ڕاستیە دەزانێ کە هەر ڕوداوێك لەو درامایایەی خۆبەختکردنە مەزنەدا ساتێکی وردو دیاریکراو هەیە کە پلانی خودایە . زۆرجار عیسا لە ئینجیلی یۆحەنا دەفەرموێ " هێشتا کاتەکەم نەهاتوە " (یۆحەنا ٢: ٤؛ ٧: ٦ ، ٨ ، ٣٠ ؛ ٨: ٢٠) . بەڵام بسای مردنەکەی دەکرد کە ڕوودەدات لەسەر خاچ ، ئیدی فەرموی کاتی ئەوە هاتوە کوڕی مرۆڤ شکۆدار بێت (یۆحەنا ١٢: ٢٣) . لەسەرەتای ئێوارەی شەممە و کاتی شێوی پەسخەی کۆتایی لەگەڵ قوتابیەکانیدا زانی کاتەکە هاتوە تا جیهان بەجێ بهێڵێ و بڕوات بۆ لای باوڵ (یۆحەنا ١٣: ١) . لێرەدا دەردەکەوێت کە عیسا تەنها بیری لە مردنی لەسەر خاچ نەدەکردەوە بەڵکو بیری لە تەواوی خزمەتەکەی سەر زەوی دەکردەوە کە تەواو دەکرێ . عیسا زانی کاتی مردنی و هەستانەوەی و بەرزبونەوەی بۆ ئاسمان هاتوە ! ئیدی لە بیری مەسیح دا ئازارەکانی لەسەر زەوی و شکۆمەندی داهاتووی لە ئاسمان پێکەوە شانبەشانی یەکتر ڕێدەکەن !

لە یۆحەنا ١٢: ٣٢ فەرموی ئەو بەرزدەکرێتەوە ئەمەش ئاماژەیەك بوو بۆ بەرزکردنەوەی لەسەر خاچ وە بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان و تەختی گەردوون ! . کۆلۆسی ١: ١٥ عیسای مەسیح واتە "خودا لەگەڵمانە" مەتا ١: ٢٣ ، هەروەها یۆحەنا ١٤: ٣- ٤ عیسا فەرموی ئەو دەچێت بۆ ئاسمان تاکو شوێن ئامادە بکات بۆ باوەڕداران و لەگەڵ خۆیدا بن تاهەتایە. لە یۆحەنا ١٦ عیسای مەسیح دەفەرموێ ئەو لە ئاسمانەوە کاردەکات لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆزیەوە . وە لە عێبرانیەکان ٧: ٢٥ لە ڕێگەی نوێژەکانی بە بەردەوامی لەپێناوی باوەڕداران .

یۆحەنا ١٧: ١

پرسیاری ٢: عیسا مەبەستی چی بوو لەوەی فەرموی "کۆڕەکەت شکۆدار بکە " ؟

تێبینیەکان .

خودای باوك خودای کۆڕ شکۆدار دەکات . ئەوەی عیسا لە نوێژەکەیدا فەرموی ئەوەیە : " ئەی باوك مردن و هەستانەوەو بەرزبوونەوەم شکۆدار بکە " . عیسای مەسیح شکۆدار دەبێت کاتێ شکۆکەی ڕادەگەیەنێ وەکو پەلکە زێڕینە بەهەموو ڕەنگەکانیەوە . ئەو شکۆدار دەبێت کاتێ ڕوناکی پڕی و تەواوەتی خوداییە جوانەکەی ڕادەگەیەنێ لە جیهاندا . نەك تەنها بە خاچ بەڵکو بە تاجیش هەروەها شکۆی عیسای مەسیح ڕادەگەیەنێ .

أ. شکۆی عیسای مەسیح بە لەخاچدانی ڕاگەیەنرا .

ب. شکۆی عیسای مەسیح بە هەستانەوەی ڕاگەیەنرا .

ج. شکۆی عیسای مەسیح بە بەرزبوونەوەی ڕاگەیەنرا ، بروانە یۆحەنا ١٧: ٥ هەروەها فیلیپی ٢: ٦- ٨ . هەموو ئەمانە لە پێناوی ڕزگاری مرۆڤ لەسەر زەوی بە خۆبەخسانە وئارەزومەندانە و بە دڵی خۆی ڕوویداو بۆ شکۆدارکردنی ، سروشتی مرۆڤانەی وەرگرت و لەنێو گوناهباراندا لەسەر زەوی ژیا ، وە گوناهەی جیهانی هەڵگرت و مرد لەسەر خاچ . یۆحەنا ١٧: ٥ ئاماژە دەکات بۆ ئەو کاتەی کە عیسای مەسیح بۆ جاری دوەم دەگەڕێتەوە بۆ شکۆمەندیەکەی پێشووی لە ئاسمان! ١پەترۆس ٣: ١٨- ١٩ هەروەها ١پەترۆس ٣: ٢٢ ؛ ئەفەسۆس ٤: ٨- ١٠ ؛ ٢کۆرنسۆس ١٢: ٢، ١٤ ؛ کۆلۆسی ٢: ١٥ بخوێنەوە .

د. شکۆداریی عیسای مەسیح ڕاگەیەنرا بە دانیشتنی لای ڕاستی باوك لە ئاسمان .

پێش سێ هەزار ساڵ لە ماوەی پەیمانی کۆندا خودا بەڵێنی دابوو عیسای مەسیح شکۆدار دەکات و هەموو نەتەوەکانی جیهانی بە میرات دەداتێ و دەیکات بە فەرمانڕەواو دەسەڵاتدار بەسەر هەموو نەتەوەکانی سەر

زەوی و دادوەر بەسەر هەموو ئەوانەی بەرهەڵستی دەکەن وڕەتی دەکەنەوە (زەبور ٢: ٧- ١٢) . (زەبور ١١٠ : ١- ٤) بەردی گۆشە (زەبور ١١٨: ٢٢- ٢٣ ؛ هەروەها بڕوانە ئەفەسۆس ١: ٢٢) .

وە پێش دوو هەزار ساڵ و سەرەتای ماوەی پەیمانی کۆن و دوای هەستانەوەی عیسای مەسیح لە مردن ، عیسا فەرموی باوك هەموو دەسەڵاتێکی پێم داوە لە ئاسمان و سەر زەوی (مەتا ٢٨: ١٨) . هەروەها بڕوانە ئەفەسۆس ١: ٢٠- ٢١ .

یۆحەنا ١٧: ١

پرسیاری ٣: عیسا مەبەستی چی بوو لەوەی فەرموی " کوڕەکەت شکۆدار بکە، تاکو کوڕەکەشت شکۆدارت بکات " ؟

تێبینیەکان .

تەنها خودای باوك خودای کوڕ شکۆدار ناکات بەڵکو خودای کوڕ هەروەها خودای باوك شکۆدار دەکات ! عیسا لە نوێژەکەیدا فەرموی " ئەی باوك بەکارە ڕزگاریە تەواوەتیەکەم لەسەر زەوی و هەستانەوەم و بەرزبوونەوەم شکۆدارم بکە تاکو شکۆدارت بکەم " ئەم نوێژەی عیسا خۆویستی نییە چونکە حەزی کرد ئەوەی ڕووەدات خودای باوك شکۆدار بکات ، خاچ و تاج تەنها ڕێزو ناوزەیی عیسای مەسیح دەرناخەن بەڵکو هەروەها ڕێزو ناوازەیی خودای باوك " من لەسەر زەوی شکۆدارم کردیت بە تەواوکردنی ئەو کارەی پێت دابووم" یۆحەنا ١٧: ٤ .

أ. مردن وهەستانەوەی عیسای مەسیح پیرۆزیی و ڕاستودروستی خودا ڕادەگەیەنێت بە تەواوەتی .

ب. مردن وهەستانەوەی عیسای مەسیح هەروەها خۆشەویستی و بەزەیی و نیعمەتی خودا ڕادەگەیەنێت بەرامبەر بە گومڕاکان و لەناوچوەکانی سەر زەوی . (یۆحەنا ١: ٢٩) . هەروەها بڕوانە (کردار ١٣: ٣٩ ؛ ڕۆما ٣: ٢٠ ؛ گەڵاتیە ٢: ١٦ ؛ ٣: ١٠- ١١ ؛ یاقوب ٢: ١٠- ١١) ! ئەگەر خودا تەنها خۆشەویستی بایەو ڕاستودروست نەبایە ئەو کات

خودایەکی خراپەکار دەبوو وە نەیدەتوانی کەس ڕزگار بکات و کەس ڕاستودروست بکات (یۆحەنا ١٥: ١٣ ؛ ڕۆما ٥: ٦- ١١ ؛ ١پەترۆس ٤: ٩- ١٠) !

یۆحەنا ١٧: ٢

پرسیاری چوارەم : بۆچی کتێبی پیرۆز بەردەوام چەند بارە باسی ئەوانە دەکات کە خودای باوك داویەتی بە عیسای مەسیح ؟

تێبینیەکان .

عیسا فەرموی لە یۆحەنا ١٧: ٢ " هەروەك دەسەڵاتت پێداوە بەسەر هەموو خەڵکدا، تاکو ژیانی هەتاهەتایی بە هەموو ئەوانە بدات کە پێت داون "

أ. عیسا دەسەڵاتدارە بەسەر هەموو خەڵکیدا بە درێژایی مێژووی جیهان .

واتای وشەی "هەموو خەڵك " لە ڕووی ژمارەوە لە ڕووی جۆرایەتی ئەوەیە هەموو خەڵکی لە دۆخی لاواز و گوناهەی ئێستایان ." ئیدی بەم شێوەیە عیسا هەموو دەسەڵاتێکی هەیە بەسەر هەموو خەڵکدا لە هەموو هۆز و زمان و نەتەوەو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا (یۆحەنا ٣: ٣٥ ؛ مەتا ٢٨: ١٨) . دەسەڵاتی هەیە بەسەر هەموو سەرکردە سیاسیەکان وسەربازیەکان و کۆمەڵایەتیەکان و ئایینیەکان لە هەموو نەتەوەو گەلێکی جیهاندا بە بێ جیاوازی !

ب. عیسای مەسیح تەنها ئەوانە ڕزگار دەکات کە خودای باوك داویەتی پێی .

خەڵکی دەسەڵات وسەروەریان نیە بەسەر خودا ، بەڵکو خودا دەسەڵاتدارو سەروەرە بەسەر خەڵکیدا ! خەڵکی لەسەر زەوی خودا یان عیسای مەسیح هەڵنابژێرن بەڵکو خودا یان عیسای مەسیح ئەوانە هەڵدەبژێرێ کە ڕزگاریان دەکات ! چوارچێوەو پلانی خودا بۆ ڕزگاری دیاریکراون ، ئەگەرچی بڕوات وا بێت کە مرۆڤ ئەو پەڕی ئازادی هەیە یان ئازادیەکەی سنورداراە ، کتێبی پیرۆز بەڕوونی فێرمان دەکات کە لەڕووی

ژمارەوە سەرجەم خەڵکی ڕزگاریان نابێت بە درێژایی مێژوو بۆیە عیسا لەوبارەیەوە ئاماژە دەکات بۆ " ئەوانەی خودای باوك پێیداوە" مەبەستی ئەو خەڵکەیە کە خودای باوك بەدەسەڵاتی خۆی داویەتی بە عیسا بەپێی پلانە ڕزگاریە جاویدانیەکەی .

عیسا لە مەتا ١١: ٢٧ ئەم ڕاستیەمان فێر دەکات و دەفەرموێ " باوکم هەموو شتێکی پێ سپاردووم، کەس کوڕەکە ناناسێت باوك نەبێت، کەسیش باوك ناناسێت تەنها کوڕەکە و ئەوە نەبێت کە کوڕەکە دەیەوێ بۆی ئاشکرا بکات ." هەروەها لە یۆحەنا ٦: ٣٧، ٣٩، ٤٤ دەفەرموێ " هەرکەسێك باوکم دەیداتە من دێتە لام، ئەوەش بێتە لام، هەرگیز دەریناکەم ... ئەمەش خواستی ئەوەیە کە ناردوومی، هەرکەسێکی پێداوم لەدەستی نەدەم، بەڵکو لە ڕۆژی دواییدا زیندووی دەکەمەوە ... کەس ناتوانێت بێتە لام ئەگەر باوك ڕاینەکێشێت، ئەوەی ناردوومی، منیش لە ڕۆژی دواییدا زیندووی دەکەمەوە ." وە لە یۆحەنا ١٠: ٢٨- ٢٩ دا فێرمان دەکات و دەفەرموێ : " ژیانی هەتاهەتاییان دەدەمێ و هەرگیز لەناو ناچن، کەسیش لە دەستم نایانڕفێنێت . باوکم کە بە منی داون لە هەمووان گەورەترە، کەسیش ناتوانێت لە دەستی باوك بیانڕفێنێت ." عیسا دەسەڵاتی هەیە بەسەر هەموو خەڵکی جیهاندا ، هیچ کەسێك ناتوانێ ڕێگری بکات لە ڕزگارکردنی ئەوانەی خودا داویەتی پێی ! عیسا هەموان ڕزگار ناکات بەڵام زۆرینەی زۆری هەموو نەتەوەو زمان و هۆزەکانی جیهان ڕزگار دەکات (بینین ٧: ٩) ! ئەوەی خودا داویەتی بە عیسا ڕەوەندی باوەڕادارانە لە هەموو نەتەوەیەك ، ئەوانە بەدیهێناوی خودان لەسەر زەوی ، ئەوان یەك ڕەوەند (یەك مێگەڵ) پێکدەهێنن (یۆحەنا ١٠: ١٦) ، یەك کڵێسای عیسای مەسیح لە جیهاندا ، یەك شانشینی خودا لە جیهاندا .

یۆحەنا ١٧: ٣

پرسیاری ٥: ژیانی هەتاهەتایی چی یە ؟

تێبینیەکان .

عیسا فەرموی : " ژیانی هەتاهەتاییش ئەوەیە کە تۆ بناسن، تەنها خودای ڕاستەقینە و عیسای مەسیح، ئەوەی کە ناردووتە." عیسا پێناسەیەکی ژیانی هەتاهەتییمان بۆ ناکات ، بەڵام لێرەدا ئەوەمان پیشان دەدات کە چۆن خودی ژیانی هەتاهەتایی دەردەکەوێت زۆر بە جوانی .

أ. ژیانی هەتاهەتایی چی یە ؟ ژیانی هەتاهەتایی ژیانێکی نوێیە کە خودا دەیبەخشێ بەوانەی دووبارە لەدایک بوونەوە بە باوەڕیان لە عیسای مەسیح دا . ژیانی نوێ پێکهاتوە لە ناسینی عیسای مەسیح بەشێوەی کەسێتی ، وە بەشداریکردن لە چاکەو شکۆ و پیرۆزیەکانی و خەسڵەتە خوداییەکەی (پەترۆس ١: ٣-٤) ، وە ژیان بە هۆشیاری و ئامانجەوە لە ئامادەبوونی خوداییدا بەبێ کۆتایی (مەتا ٢٥: ٤٦) .

ب. ژیانی هەتاهەتایی چۆن دەردەکەوێت ؟

ژیانی هەتاهەتایی لەسەر زەوی دەردەکەوێت لە ڕێگەی ڕاگەیاندن وهەستکردنی باوەڕداران بە خۆشی (یۆحەنا ١: ١٠) بەوەی مەسیح ڕزگارکاریانەو خوداوەند ودەسەڵاتدار و پاشایانە ، ژیانی باوەڕداران دەردەکەوێت لە ڕێگەی خۆشیەکانیانەوە لە عیسای مەسیح و خۆشەویستیەکەیدا (یۆحەنا ١: ١٢ ؛ ١یۆحەنا ٥: ١١- ١٣) وە بە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزو نوێژکردن .

ج. کێ ژیانی هەتاهەتایی هەیە؟

ئەوانەی ژیانی هەتاهەتایی هەیە دەزانن و باوەڕیان بە تەنها خودای ڕاستەقینە هەیەو و باوەڕەکەیان ڕادەگەیەنن ، خودای کتێبی پیرۆز ئەوەی لە عیسای مەسیح دا خۆی دەرخست (یۆحەنا ١: ١، ١٤ ، ١٨ ؛ کۆلۆسی ١: ٩ ؛ ٢: ٩) . هەروەها بڕوانە ٢کۆرنسۆس ١: ٣ .

یۆحەنا ١٧: ٦

پرسیاری ٦: واتای چی یە ڕاگەیاندن یان ناساندنی ناوی خودای باوك بۆ خەڵکی ؟

تێبینیەکان .

عیسای مەسیح لە یۆحەنا ١٧: ٦ دا فەرموی : " ناوی تۆم بەوانە ناساند کە لە جیهاندا بە منت دان، هی تۆ بوون، خۆت بە منت دان و کاریان بۆ وتەکانت کرد ." ناوی تۆ واتە خودی خودای باوك . (یۆحەنا ١٤: ٦ ؛ مەتا ١١: ٢٧) ! بەبێ مەسیح کەس ناتوانێ جەهەر و بەها و کاروباری ڕۆحی بزانێ ، هەر کەسێك عیسای مەسیح ڕەتبکاتەوە ناتوانێ خودای باوك بناسێ (لۆقا ١٠: ١٦) ! ئەو ئامانجەی عیسای مەسیح لە پێناویدا هاتە سەرزەوی ئەوەیە سروشتی خودا ئاشکرا بکات ، وە پلانی دانا تا گەلی هەبێت وە ئەوانە ڕزگار بکات کە خودا داویەتی پێی (یۆحەنا ١: ١٦- ١٨). ناسینی خودای ڕاستەقینەی باوك واتە ژیانی هەتاهەتایی (یۆحەنا ١٧: ٣)!

یۆحەنا ١٧: ٢١

پرسیاری ٧: چۆن تێبگەم لە نوێژەکەی عیسای مەسیح تایبەت بە "یەکبوون" لە نێوان باوەڕداراندا ؟

تێبینیەکان .

نوێژی عیسای مەسیح لە یۆحەنا ١٧: ٢١ : " تاکو هەموو یەك بن، وەك تۆ لە منداى و منیش لە تۆدام، ئەوانیش لە ئێمەدا بن، باوکە، تاکو جیهان باوەڕ بهێنێت کە تۆ منت ناردووە ."

أ. دوو یەکبوون باسکراوە بە دوو جۆر نەك یەک جۆر .

یەکبوون لە نێوان خودای باوك و خودای کوڕ یەکبوونێکی ئەنتۆلۆژی – یەکوبوونێکی جەوهەری یە . بەڵام یەکبوونی نێوان خودا یان عیسای مەسیح لەلایەك و باوەڕداران لە لایەکی دیکەوە یەکبوونێکی ڕۆحیە تیایدا باوەڕداران بەشداری دەکەن لەو ژیان وناوەندی خودا ، کە تیایدا بەشداری پەیوەندی کەسێتی و خۆشەویستی دەکەن لەگەڵ خودا .

یەکێتی نێوان باوەڕداران لە جیهاندا یەکێتیەکی ڕێکخراو نیە بەڵکو یەکێتیەکە خۆشەویستی بەرامبەر بە یەکترو هاوکاری دەردەخات . عیسا لێرەدا مەبەستی تایەفەیەکی گەورە نیە تەلارێکی گەورەی کڵێسای هەبێت

لە جیهاندا چونکە ئەو کات تایەفەو کڵێسای ڕێکخراو بە شێوەی هەرەمی نەبوو لە پەیمانی نوێدا . (یۆحەنا ١٣: ٣٤- ٣٥) .

ب. یەکبوونی سروشتی خودا بناغەی یەکبوونی نێوان باوەڕدارانە لەسەر زەوی .

یەکبوونی ناخی خودا وا دەکات باوەڕداران یەکبن . ئەوانەی لەسەرەوە لەدایکبوونە تەنها ئەوانە لە خودای باوك وخودای کوڕدان . تەنها ئەوانە بوونە بەیەك لە ڕۆح دا لەگەڵ یەکتر . تەنها ئەوانە پێکەوە بەرهەڵستی خراپە دەکەن وڕووبەڕوی دەبنەوە لە جیهاندا ، هۆکاری ئەم یەکبوونە ئەوەیە کە خەڵکی ئەو شێوازە ببینن و ڕاستی بناسن و بێن بۆ لای عیسای مەسیح و ڕزگاریان بێت .

(عیبرانیەکان ١٠: ٢٤- ٢٥) هەروەها بڕوانە (ئەفەسۆس ٢: ١٠) .

<u>هەنگاوی ٤</u>: <u>پەیڕەوی بکە</u>. **پەیڕەوکردن**

بیربکەوە : چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟

بەشداری بکەو بنوسە: وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوەو تەواو بکەین لە یۆحەنا ١٧: ١- ٢٦.

بیربکەوە : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟

بنوسە : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا داینناوە لەسەر دڵت.

(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون).

١- نمونە لەسەر پەیرەوکردنی پێشنیارکراو لە ئینجیلی یۆحەنا ١٧ .

١٧: ٣ : ئاگاداربە و خۆت دڵنیا بکە لەوەی ژیانی هەتاهەتاییت هەبێ ، واتە ئاگادار بە لەوەی عیسای مەسیح بناسی (٢کۆرنسۆس ١٣: ٥).

١٧: ٤ : شکۆمەندی بدە بە خودا بەوکارەی خودا پێی بەخشیوی تا تەواوی بکەیت (کۆلۆسی ٤: ١٧) .

١٧: ٦ : عیسای مەسیح بناسێنە بەخەڵکی دیکە لە جیهاندا .

١٧: ٦- ٨: ئەو خەڵکەی پێشوازی لە وتەکانی عیسای مەسیح دەکەن و گوێڕایەڵی دەبن ئەوانە باوەڕداری ڕاستەقینەن .

١٧: ٩ : بەتایبەتی نوێژ بکە بۆ ئەوانەی خودا بەخشیونی بە تۆ تا چاودێریان بکەیت و بایەخیان پێ بدەی .

١٧: ١١- ١٢ : نوێژ بکە لەپێناوی پاراستنی باوەڕداران لە ڕووبەڕووبونەوەیان لەبەرامبەر خراپەی ئەم جیهانەدا .

١٧: ١٤- ١٥ : بژی بۆ مەسیح لەم جیهانەدا ، بەڵام بەشداری گوناهەی ئەم جیهانە خراپەکارە مەکە .

١٧: ١٥: نوێژ بکە لەپێناوی پاراستنی باوەڕداران لە کاری ئیبلیسی خراپەکار لەم جیهانەدا .

١٧: ١٧: ڕێگە بدە بە خودا زیاتر وزیاتر پیرۆزت بکات لەڕێگەی پێشوازی کردنت لە ڕاستیەکانی کتێبی پیرۆز و گوێڕایەڵیت بۆی .

١٧: ١٨: بەتەواوی دڵنیابە کە عیسای مەسیح تۆی ناردوە بۆ ئەم جیهانە بۆ ئەرکێکی زۆر گرنگ .

١٧: ١٩: بژی بە پیرۆزی لەم جیهانەدا تاکو ئەوانی دیکە چاو لە تۆ بکەن و بە پیرۆزی بژین .

١٧: ٢٠: نوێژ بکە لە پێناوی ڕۆڵە و نەوە ڕۆحیەکانتدا .

١٧: ٢١- ٢٣ : نوێژ بکە لە پێناوی یەکبوونی ڕۆحی و خۆشەویستی و هاوکاری نێوان باوەڕداران لەم جیهانەدا ، تاکو جیهان ببینن و باوەڕ بە عیسای مەسیح بهێنن .

١٧: ٢٦ : بزانە و هەستی پێبکە کاتێ خەڵکی خودای کتێبی پیرۆز دەناسن دەتوانن هەمان ئەو خۆشەویستیەیان هەبێ کە لە خودای کتێبی پیرۆزدایە .

٢. نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی کەسێتی :

أ . خۆشەویستیم مەزنتر کردوە و گرنترین ئامانجم لە ژیانمدا داناوە . ئامانجی یەکەمینم ئەوەیە لە سێ لایەندا گەشە بکەم : پەیوەست بم و خۆم تەرخان بکەم بەشێوەی مەزنتر بۆ خودا ، وە تاکو گوێرایەڵی کتێبی پیرۆز بم بە هەوڵ وکۆششی زیاترەوە ، وە تاکو خۆشەویستی پەیڕەو بکەم بەرامبەر بە باوەڕداران بەشێوەی زیاتر و چەند بارە !

ب. دەمەوێ ئاگادار بم لە نوێژەکانمدا و تەنها نوێژ بۆ خۆم نەکەم بەڵکو نوێژ بۆ کەسانی تر بکەم لەم جیهانەدا هەروەها ، وە بەتایبەتی ئەوانەی خودا پێی بەخشیوم تا بایەخیان پێ بدەم .

هەنگاوی ٥: نوێژ بکە **هاتنەدەنگ**

بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە یۆحەنا 17 .

(بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا). پرۆڤە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن

سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر).

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژی داکۆکیکاری**

بەردەوام بن لە نوێژ لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی . نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ئینجیلی یۆحەنا ١٧ .
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە ١پەترۆس ٣- ٥ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن : وشەکانی خودا فێر بە : دواوتار ٦: ٦- ٧ لەبەر بکە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٦- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .